**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١١٨٢٦ لە ٢٠١٩/٧/٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

## ڕێنمایی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١٩

## ڕێنمایی ڕێگەپێدانی ئەمنی تایبەت بە هاوردەکردنی (کەل وپەل ، لێدانی ڕێکلام ، هاوردەکرنی ئوتومبێلی قەلغان (درع) ، هاتووچۆی ئوتومبێل بۆ دەرەوەی هەرێم و عێراق )

**ماددەی (١) : پێناسەکان**

١- **هەرێم** : هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- **وەزارەت** : وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٣- **بەڕێوەبەرایەتی**: بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و موڵەت پێدان.

٤- **بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ**: بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاکانی هەرێم

٥- **کەل وپەل**: گشت ئەو کەل و پەل و ماددە و پێداویستییانەی کە هاوردە دەکرێن و گواستنەوە و فرۆشتن عەمبارکردنی پێویستی بە ڕەزامەندی ئەمنی هەیە.

٦- **لایەنی داواکار**: فەرمانگەی میری یان کومپانیا یان کارگە یان شوێن یان کەسی سروشتی و مەعنەوی یان ڕێکخراوی نیودەوڵەتی یان (NGO).

٧- **ئۆتۆمبێل**: ئۆتۆمبێلی (قەلغان) یان ئۆتۆمبێلی کرێ یان بارهەڵگر کە پێویستیان بە ڕەزامەندی هەیە بۆ هاتووچۆ کردن بۆ دەرەوەی سنووری عێراق.

**ماددەی (٢) : مەبەست لەم ڕێنماییە**

مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵ کردنی ڕێگەپیدانی ئەمنی بۆ ئەو کەل و پەلانەی کە هاوردە دەکرێن و گواستنەوەیان و ئەو ئۆتۆمبێلانەی هاتووچۆکردنیان پێویستی بەڕەزامەندی ئەمنی هەیە وکۆنترۆڵ کردنی شێوازی بەکارهێنانی تەنها بۆ ئەو مەبەستەی بۆی داواکراوە و بە تایبەت ئەو کەلوپەلانەی کە بەکارهێنانی دوو لایەنەیان هەیە (استخدام مزدوج).

**ماددەی (٣) : مەرجەکانی ڕێگەپێدان**

**یەکەم : ڕێگەپێدانی کەل و پەل:**

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك لە لایەنی داواکار لەڕێگای وێب سایتی تایبەت بەم ڕێنماییە.

٢- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت بە داواکاری کە لە وێب سایتی تایبەت بەم ڕێنماییە دانراوە.

٣- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامەی خوارەوە:

أ- موڵەتی تۆمارکردنی نوێ کراوی کۆمپانیا یان نووسراوی فەرمانگەی میری یان ڕێکخراو یان بەڵگەنامەی کەسی داواکار (ناسنامەی باری شارستانی، ڕەگەزنامە یان کارتی نیشتمانی ، کارتی زانیاری) .

ب- پاکانەی باج.

ت-لیستی ئەو کەلوپەلانەی کە داواکاری هاوردەکردنی دەکات.

٤- نابێت ئەو کەل و پەلانەی کە لایەنی داواکار پێویستی پێیەتی قەدەغە بێت بە پێی ڕێنماییەکان یان یاسا ناوخۆیی و نیودەوڵەتییەکان.

٥- وەزارەتی تایبەتمەند لیژنەیەك پێك دەهێنێت بە مەبەستی ئەنجامدانی دەرخستە (كشف) لەسەر ئەو شوێنەی کە کەلوپەلی بۆ داواکراوە بەمەبەستی دڵنیابوون لە پێداویستی فعلی و شێوازی بەکارهێنان و عەمبارکردن .

**دووەم : مەرجەکانی ڕێگەپێدانی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل بۆ دەرەوەی هەرێم و عێراق وشێوازی بەکارهێنانی**

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك لە لایەن لایەنی داواکار کە لە وێب سایتی تایبەت بەم ڕێنماییە دانراوە.

٢- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت بە داواکاری کە لە وێب سایتی وەزارەت دانراوە.

٣- دەبێت ئۆتۆمبێل لەسەر ناوی شوفێر تۆمارکرا بێت یان بریکارنامەی پەسەندکراوی خاوەنی ئۆتۆمبێلەکەی هەبێت و هاوپێچ بکرێت.

٤- هاوپێچ کردنی کۆپی ڕەنگاورەنگی ساڵیانەی ئۆتۆمبێل و مۆڵەتی گشتی شوفێر و هەروەها مۆڵەتی شوفێری نێودەوڵەتی کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی هەرێم دەرچوو بێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە باج دەیانگرێتەوە.

٥- پاکانەی باجی ئۆتۆمبێل ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە ژمارەی پارێزگاکانی هەرێم بێت.

٦- ئەم ڕێگەپێدانە تەنها ئۆتۆمبێلی کرێ و بارهەڵگر دەگرێتەوە.

٧- ڕێگەپێدانی ئەمنی ئەم ئۆتۆمبێلانە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ نوێ دەکرێتەوە بە هەمان مەرجەکانی ڕێگەپێدان .

٨- ڕەزامەندی فەرمانگەی گومرگی پەیوەندیدار بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە ئێستا پەیرەو دەکرێت .

**سێیەم:** مەرجەکانی ڕەزامەندی لێدانی ریکلام لەسەر ئوتومبێل لە ناوەوەی هەرێم و عێراق :

١- هاوپێچ کردنی نموونەی ریکلام لەگەڵ داواکارییەکە .

٢- هاوپێچ کردنی پاکانەی باجی لایەنی داواکار.

٣- ڕێگەپێدان بۆ ماوەی یەك ساڵ و بە هەمان ریکلام ڕێکار نوێ دەکرێتەوە .

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** لایەنی داواکار دەبێت پێش ماوەی (٢٠) بیست ڕۆژ لە کڕینی ئەو کەل و پەلانەی کەپێویستیان بە ڕەزامەندی ئەمنی هەیە، داواکاری پێشکەش بکات.

**دووەم:** وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان و موڵەت پێدان پاش ووردبینی کردنی داواکارییەکە و ئەگەر داواکارییەکە گشت مەرجەکانی تێدا بێت پێویستە لە ماوەی (٢) ڕۆژی کار ڕەوانەی لایەنی پەیوەندیدارەکان بکات.

**سێیەم:** لایەنی پەیوەندیدار دەبێت لەماوەی (٢٠ بیست ڕۆژی کارکردن ،کار لەسەر داواکارییەکە دەکات

**چوارەم:** ئەگەر لایەنی برگەی سێیەم لەو ماوەیەدا وەڵامی نەدایەوە ئەوا نابێتە ڕێگر لە پێدانی موڵەت.

**ماددەی (٥):**

ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە داوای ڕێگە پێدانییان بۆ کراوە دەبێت لە ناو هەرێم پشکنینی دڵنیابوون لە مەرجەکانی تونددوتۆڵی ئۆتـۆمبێلی بـۆی بکرێـت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی ئەو پارێزگایەی کە ئۆتۆمبێلەکەی لێ بەکاردەهێنرێت یان کاری لێدەکات بەبێ ڕەچاوکردنی شوێنی تۆمارکردن لە هەرێم یان لە پارێزگاکانی تری عێراق.

**ماددەی (٦):**

ئەو کەل و پەل و ئۆتۆمبێل کە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ (١١,١٠,٩,٨,٦,٥) ساڵی ٢٠١٥ هاوردە دەکرێت دەبێت داواکاری بەپێی ئەم ڕێنماییە پێشکەش بکات.

**ماددەی (٧):**

ئەو کەل وپەل و ماددە و پێداویستیانە کە بە مەبەستی بازرگانی هاوردە دەکرێن پێویستە بڕوانامەی شوێنی دروستکەر (شهادة المنشأ) یان بڕوانامەی / COC ) شهادة التأكيد) لەگەڵ بێت.

**ماددەی (٨):**

١- بۆ هەر داواکارییەك کۆژمەی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار وەك رسوماتی کارگێری وەردەگیرێت.

٢- بڕی (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار ساڵی جارێك بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك وەردەگیرێت بۆ لێدانی ریکلام سەرەڕای برگەی (١)ی سەرەوە.

٣- هەردوو بڕی پارەی کە لە برگەی (٢,١)ی سەرەوە دیاری کراوە بە پسولەی ٣٧/أ وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر حیسابی وەزارەتی ناوخۆ (٨٠ % بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری و ٢٠ % بۆ وەزارەتی ناوخۆ) بۆ پەرەپێدانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان و ڕێگەپێدان بەکاردێت و بە ڕەزامەندی وەزیر خەرج دەکرێت.

**ماددەی (٩):**

١- ئەو کەل و پەلانەی کە قەدەغەیە یان پێویستییان بە ڕەزامەندی هەیە لە خشتەکانی پاشکوی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

٢- ئەم خشتانە بە بەردەوامی گورانكاری بەسەردا دێت و پێویستە وەزارەتی ناوخۆ ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار بكات لە هەر گۆڕانكارییەك.

٣- گواستنەوە و عەمباركردن و شێوازی بەكارهێنانی كەل و پەلی كیمیاوی لەژێر چاودێری لایەنە ئەمنیە پەیوەندیدارەكان دەبێت .

٤- ئەم ڕێنماییە رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان و رێكخراوە نێودەوڵەتییەكان و قونسلخانەكان و ئەنجومەنی ئاسایش و لایەنە ئەمنیەكانی حكومەت ناگرێتەوە و لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆ داواكارییەكان پێشكەش دەكرێت .

**ماددەی (١٠):**

١- وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئاسانكاری پێشكەش كردنی داواكاری هاووڵاتیان ، وێب سایتێكی ئەلكترونی دادەمەزرێنیت و گشت داواكارییەكان لە رێگای ئەم وێب سایتە پێشكەش دەكرێت .

٢- تا دەست بەكاربوونی وێب سایتی برگە (١)ی سەرەوە داواكاری بە شێوەیەكی ئاسایی پێشكەش بە (بەرێوەبەرایەتی كومپانیا ئەمنیەكان و مۆڵەت پێدان) لە دیوانی وەزارەت.

**ماددەی (١١):**

١- ئەم رێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونی كاری پێ دەكرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوە .

٢- دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە كار بە هیچ ڕێنمایی و بەیان و نوسراوێك ناكرێت .

**كريم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

## خشتەی پاشکۆی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩

| ت | مادده | تێبینی |
|---|---|---|
| | ئەو ماددانەی پێویستیان بەڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ هەیە | |
| ١ | کەل و پەلی ڕاوکردن | |
| ٢ | کەل و پەلی جوانکاری چەک | پارچەی یەدەگی چەك، دووربینی سەر چەك، کەل و پەلی پاکردنەوەی چەك |
| ٣ | جل و بەرگ و پێداویستی سەربازی | قناع، خودە، درع،بەدلە،پۆستاڵ، لۆگۆی سەربازی و ئەمنی لە کاتێکدا برەکەی لە (٣) دانە زیاتر بوو بۆ (پۆستاڵ و بەدلە) |
| ٤ | یارییە ئاگرینەکان وچەک و پێداویستی چالاکییە مەدەنیەکان و مادده تەقێنەرە و دەنگیەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە | |
| ٥ | ئۆتۆمبێلی درع بەهەموو کەل و پەلەکانیەوە | |
| ٦ | سەگی پۆلیسی | |
| ٧ | فەرارەی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن | اسعاف، حریق، پۆلیس |
| ٨ | تابلۆی ئۆتۆمبێل | |
| ٩ | ئامێری کردنەوەی دەرگای ئۆتۆمبێل و دروستکردنی سوئیچ و دۆزینەوەی کۆدی ئۆتۆمبێل | |
| ١٠ | چەکی تاپڕ، توتو | ئەگەر برەکەی لە یەك دانە زیاتر بوو |
| ١١ | ئامێری دروستکردنی ختم و مۆر | |
| ١٢ | پولی فسفۆری | |
| ١٣ | فرۆکەی بێ فرۆکەوان | |
| ١٤ | کەل و پەلی یەدەکی فرۆکە، سندوقی ڕەش | |
| ١٥ | کلیلی کردنەوەی دەرگای قاسە | |
| ١٦ | کامێرای حراری (PTZ)ی زیرەک | |
| ١٧ | کامێرای چاودێری | |
| ١٨ | دووربینی شە و، دووربینی حەراری | |
| ١٩ | ئامێری دۆزینەوەی مین | |
| ٢٠ | ئامێری دۆزینەوەی کانزاکان | |
| ٢١ | ئامێری کەشف کردنی پارەی تەزویر و زێڕ و پاسپۆرت | |
| ٢٢ | پەیکەری کەسایەتیەکان | |
| ٢٣ | لۆگۆ و ئاڵا و ئارمی لایەنەکان | گشت حزبەکان |
| ٢٤ | گشت کاڵا و کەل و پەلی تایبەت بە قونسوڵخانەکان و ڕێکخراوە جیهانیەکان | |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٥ | بلوتوزی بچوکی گوێ | |
| ٢٦ | کاتژمێری بە کامێرا | دەستی ، دیوار ، سەرمێز |
| ٢٧ | ئامێری (GPS) بە سیمکارت و تراك ٢٤ ئامێری تەنەسووت و (GPS)ی ئوتومبیل | |
| ٢٨ | ئامێرەکانی دەنگ تۆمارکردن بەهەمووجۆرەکانی | |
| ٢٩ | ئامێری ئاگادارکردنەوەی فرۆکە | رادار |
| ٣٠ | کەل و پەلی لێزەری ئەگەرپلەی گەرمییەکەی کاریگەری زۆری هەبوو لە سەرماددەکان | |
| ٣١ | ئامێری بێتەل | ئامێری بێتەلی دەستی و ئۆتۆمبێل |
| ٣٢ | سورەیا | بۆ هەر کەسێك یەك دانە رێگە پێدراوە |
| ٣٣ | ئامێری پەخشی راستەوخۆ و کێبڵ بەهەمووجۆرەکانیەوە | |
| ٣٤ | ئامێری راگرتنی شەبەکە و بەدالەی تەلەفۆن بەهەمووجۆرەکانی | |
| ٣٥ | ئامێری پشکنینی جەستە | |
| ٣٦ | ئامێری پشکنینی تەقەمەنی | |
| ٣٧ | ئامێری پشکنینی ماددەی هۆشبەر | |
| ٣٨ | ئامێری (X-Ray) بەهەمووجۆرەکانیەوە | |
| ٣٩ | ئامێری( رسیفەر و سێرڤەر و ئەنتێن و راوتەر و بورج) و هەرئامێرێکی تر کەبتوانرێت ببەسترێتەوە بەقەمەر صناعی | |
| ٤٠ | دەرمانی قرکەر | ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ + وەزارەتی کشتوکال |
| ٤١ | دار و درەخت و گوڵ و نەمام | ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ + وەزارەتی کشتوکال |
| ٤٢ | تۆو بەقالیات و سەوزە و میوە | ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ + وەزارەتی کشتوکال |
| ٤٣ | ئامێری کەل و پەلی کشتوکاڵی | ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ + وەزارەتی کشتوکال |
| ٤٤ | گشت ئاژەڵ و پەلەوەرەکان و ماسی زینە | ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ + وەزارەتی کشتوکال |
| ٤٥ | خۆراکی ئاژەڵی | ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ + وەزارەتی کشتوکال |
| ٤٦ | گۆشتی بەستوو | ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ + وەزارەتی کشتوکال |
| ٤٧ | دەرزی و دەرمانی وزە بەخش | ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ + وەزارەتی کشتوکال |
| ٤٨ | پەڕەشووت بەهەموو جۆرەکانیەوە | ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ + وەزارەتی کشتوکال |
| ٤٩ | بەلەم و غەواص و ئۆتۆمبێلی بچووک کە بە بەنزین کاردەکات | ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ + وەزارەتی کشتوکال |
| ٥٠ | سکۆتەری ژێرئاو لەگەڵ تیروکەوانی پێشکەوتوو | ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ + وەزارەتی کشتوکال |
| ٥١ | حامض الکبریتیك المرکز ٧٥% | |
| ٥٢ | حامض النتریك ٦٥% | |
| ٥٣ | نترات البوتاسیوم | |
| ٥٤ | نترات الصودیوم | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥٥ | نترات الأمونيوم | | | |
| ٥٦ | نترات الرصاص | | | |
| ٥٧ | نترات اليوريا | | | |
| ٥٨ | حامض الليمون | | | |
| ٥٩ | حامض الخلبك | | | |
| ٦٠ | كبريتات النحاس | | | |
| ٦١ | كبريتات الصوديوم | | | |
| ٦٢ | كلوريد الأمونيوم و كلوريد البوتاسيوم | | | |
| ٦٣ | كبريتيت هيدروجين الصوديوم | | | |
| ٦٤ | الزنبق | | | |
| ٦٥ | اليود | | | |
| ٦٦ | هيدروكسيد الصوديوم | | | |
| ٦٧ | الأسيتون تركيز | | | |
| ٦٨ | اليوريا | | | |
| ٦٩ | هيدروكسيد البوتاسيوم | | | |
| ٧٠ | بودرة الألمنيوم | | | |
| ٧١ | بودرة المغنسيوم | | | |
| ٧٢ | بودرة الكبريت | | | |
| ٧٣ | بودرة الفحم | | | |
| ٧٤ | معدن الصوديوم | | | |
| ٧٥ | كبريت أصفر الزراعي | | | |
| ٧٦ | فازلين | | | |
| ٧٧ | الكاز (وقود الديزل) | | | |
| ٧٨ | كلورات البوتاسيوم | | | |
| ٧٩ | نشارة الخشب | | | |
| ٨٠ | ماء الأوكسجين (بيروكسيد الأوكسجين) | | | |
| ٨١ | أسلاك كهربائية | | | |
| ٨٢ | كلورات الصوديوم | | | |
| ٨٣ | بنزين | | | |
| ٨٤ | ميثانول | | | |
| ٨٥ | هكسامين | | | |
| ٨٦ | كربونات الصوديوم | | | |
| ٨٧ | اوكسيد الألمنيوم | | | |
| ٨٨ | كبريتات البوتاسيوم الألمنيوم | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨٩ | كاربونات الكالسيوم | | |
| ٩٠ | هايبو كلوريد الكالسيوم | | |
| ٩١ | كبريتات الكالسيوم | | |
| ٩٢ | حامض الكاربونيك | | |
| ٩٣ | كلوكوز | | |
| ٩٤ | كرافيت | | |
| ٩٥ | بيركلورات الآمونيوم | | |
| ٩٦ | الآنيلين | | |
| ٩٧ | رابع كلوريد الكربون | | |
| ٩٨ | الستريك | | |
| ٩٩ | النكسترين | | |
| ١٠٠ | الفور مالديهايد | | |
| ١٠١ | سداسي مثيلين رباعى امين | | |
| ١٠٢ | الهيدرازين | | |
| ١٠٣ | الكحول الآيزوبروبيلى | | |
| ١٠٤ | الكيروسين ( النفط الآبيض) | | |
| ١٠٥ | أوكسيد الرصاص | | |
| ١٠٦ | نتروبنزين | | |
| ١٠٧ | نتروميثان | | |
| ١٠٨ | البنتارثيريتول | | |
| ١٠٩ | الفضة | | |
| ١١٠ | أزيد الصوديوم | | |
| ١١١ | النشا | | |
| ١١٢ | رباعى كلورو اثيلين | | |
| ١١٣ | تراى اثيل امين | | |
| ١١٤ | ثلاثى نايتروريزورسينول | | |
| ١١٥ | معدن الزنك | | |
| ١١٦ | الآثيلين | | |
| ١١٧ | التلوين | | |
| ١١٨ | أكسيد الحديدوز | | |
| ١١٩ | أكسيد الحديديك | | |
| ١٢٠ | الكحول الآثيلي | | |
| ١٢١ | الفينول | | |
| ١٢٢ | الجلسرين | | |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٣ | الجليكول | |
| ١٢٤ | برمنكنات البوتاسيوم | |
| ١٢٥ | بيكربونات البوتاسيم | |
| ١٢٦ | برافين | |
| ١٢٧ | نترات الفضة | |
| ١٢٨ | نفتالين | |
| ١٢٩ | سكر مطحون | |

**ليستى كەل وپەلى قەدەغەكراو**

| ژ | جۆری کەل و پەل | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | مادده هۆشبەرەکان | |
| ٢ | کەل و پەلی هەواڵگری | |
| ٣ | دەرمان و پێداویستی پزیشکی ماوە بەسەرچوو | |
| ٤ | کەل و پەل و خۆراکی ماوە بەسەرچوو | |
| ٥ | دەبە و قوتووی بەتاڵ | |
| ٦ | ستیکەری دەرمان زانیاری تێدا تۆمارکراو بێت | |
| ٧ | کەل و پەلی شوێنەوار | |
| ٨ | ئامێری کەشف کردنی ڕاداری خێرایی هاتووچۆ | |
| ٩ | چەك و تەقەمەنی جگە لە چەکی ڕاو | |
| ١٠ | ئامێری ئەلیکترونی قومار | |
| ١١ | ئامێری ڕولێت | |